لە گوندێکی سنووری ناحیەی بەردەرەش شەڕ روویداوە و بەهۆیەوە پێنج کەس برینداربوون

کەمێک پێش ئیستا لە گوندێکی سنووری ناحیەی بەردەرەش شەڕ روویداوە و بەهۆیەوە پێنج کەس برینداربوون.

ئەمڕۆ شەممە ٢٢ـی ئازاری ٢٠٢٥، تەحسین عسمەت، بەڕێوەبەری ناحیەی دارەتوو بە میدیاکانی راگەیاند، لە گوندی گەمەزەرد لە سنووری دارەتووی سەربە بەردەرەش بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە پێنج کەس برینداربوون.

بەرێوەبەری ناحیەی دارەتوو ئاماژەی بەوەشکردووە، لە ئێستادا بریندارەکان گەیەندراونەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ئاکرێ و دوو لە بریندارەکان برینەکەیان سەختە.

باسی لەوەشکرد، لە ئێستادا هێزە ئەمنییەکان لە شوێنی رووداوەکەن و لێکۆڵینەوەیان لە رووداوەکە دەستپێکردووە.